# پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:
«پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن، سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەمەدی بەدەستە خێرایی دەرچوونی قورئان (لە سینگ) خێراترە لە خۆ دەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانیکردووە بەپێداچوونەوەی قورئان وخوێندنی بەبەردەوامی بۆئەوەی مسوڵمان ئەوەی لەبەریکردووە لەبیری نەچێت، و-صلی الله علیه وسلم- جەختی لەسەر ئەمە کردەوە بەوەی قورئان دەرچوونی لە سینگ خێراترە لە خۆدەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە لەنێوە ڕاستی قاچیدا، ئەگەر مرۆڤ بەردەوام پێداچوونەوە بۆ قورئان بکات ئەوا دەیگرێت و لەبیری ناچێت بەڵام ئەگەر پێداچوونەوە نەکات ئەوا دەڕوات و لەبیری دەچێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5907

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee